وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا بە ئازادکردنی ڕۆژنامەنووسێک لەگەڵ ئێران دانوستاندن دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، دوای نزیکەی حەوت ڕۆژ لە دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئیتالیە لە ئێران بەیاریانداوە لەگەڵ ئێران دانوستاندن بکەن بە ئازادکردنی ڕۆژنامەنووس (سیسیلیا سالا) تەمەن 29 ساڵ کە ماوەی هەفتەیەکە لە ئێران دەستگیرکراوە.

ڕۆژنامەی " لاریبوبلیکا"ـی ئیتالی ئاشکرایکرد، دانوستانەکانی نێوان ئیتالیا و ئێران بە ئازادکردنی " سیسیلیا سالا" ڕۆژنامەنوسی ئیتالی کە لە تاران دەستگیرا کرابوو دەستیپێکردووە بە ئاوگەڕکردنیان بە محەممەد عابدینی، کە لە شاری میلانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیتالیاوە دەستگیر کرابوو.

ئەو ڕۆژنامەیە ڕایگەیاندووە: وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا دوای نزیکەی حەوت ڕۆژ لە دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئیتالیە لە ئێران بەیاریانداوە بەدەنگی بشکێنن بە تایبەت دوای دانوستانە سەرکەوتووەکان لەگەڵ بەرپرسانی تاران بە ئازادکردنی و ئاوگەڕپێکردنی لەگەڵ دەستگیرکراوەکی ئێرانی لە ئیتالیا.